# وێرانکردنی جیهانی کارکردن له ولاتەیەکگرتووەکان

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە
هۆشیار قادر

## پێشەکییەکی کورت

خوێنەری بەڕێز

ئەم ئامارانەی کە دەیخوێنیتەوە لەم نووسینەدا, ئاماری ڕەسمی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکایە(دیارە ئاماری ڕەسمیش کەمتر لەهی واقع تۆمار دەکات).

چاوگێڕانێك بەسەر ئەم ئامارانەدا واقعی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیشان دەدات وەکوو زلهێزێکی گەورەی سەرمایەداری و ئیمپریالیستی کە نەك تەنها وەکوو دڕندەیەك پەلاماری ولاتان دەدات و قەتلوعامی کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت دەکات لە هەندێك لە ولاتانی جیهاندا لە پێناوی مانەوەی خۆیدا وەکوو زلهێزێکی بێڕەقیب, بەڵکوو واقعی ژیانی کرێکاران و ژنان و کرێکارانی پەناهەندە و... هتد, ولاتی خۆیشی کردۆتە دۆزەخێکی واقعی و هێرشێکی دڕندانەی لە دژیان دەستپێکردووە. ژیانی ئینسانەکان بەم شێوەیە زۆر قورسە بڕوات بەڕێوە, بۆیە دروستبوونی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ولاتە یەکگرتووەکان پێویستییەکی حەیاتییە بۆ کرێکارانی ئەمەریکا, هەر لەم ئاراستەدا هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست ئەرکیانە ڕێکخراوەکانی کرێکاران و ژنان و پەناهەندە و منالٚ دروست بکەن.

بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کرێکاری لە ولاتەیەکگرتووەکان لەژێر ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەتوانێت کرێکارانی ئەمریکی و کرێکارانی پەناهەندە یەکگرتوو بکات و بەرەو ئامانجی کۆتاییان کە سۆسیالیزمە(دنیایەکی باشتر) ببات و دەستوپێی دڕندەیی ئیمپرلیالیزمی ئەمەریکاش ببەستێت لە هێرشەکانی بۆسەر خەڵکی جیهان, کرێکارانی جیهانیش پشتیوانیانە.

## بێکاری شاراوە

لە مانگی یانوەری 2004 دا, 147 ملیۆن کرێکار لەسەر کار بوون(لە دانیشتوانی 291 ملیۆن کەس), کرێکارانی بێکار 8,3 ملیۆن کەس بوون بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان کە نسبەتەکەی دەکاتە ٪5,6 هەروەها هەر بەپێی ئاماری تازەی حکومەت 4,7 ملیۆن کرێکار بەنیوەکار کاردەکەن (واتە ٪50 کاردەکەن), لەهەمان کاتدا نسبەتی 1,7ملیۆن کرێکاریان تۆمار کردووە کە کاریان دەوێت بەلام ناگەڕێن بەدوایدا, کەواتە کۆی کرێکارانی بێکار 14,7 ملیۆن کەسە و نسبەتەکەی دەکاتە ٪9,9 لە دانیشتوان کە ئامادەی کارن.

## کرێکاران و هەژاری

لە 28 ملیۆن کریکارانی لەسەرکار ساڵی 2003 ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان 18 ساڵ بۆ 64 ساڵ, واتە نسبەتی ٪24 کەمتر لە 9,54 دۆلاریان دەستکەوتووە لە سەعاتێکدا, وە ئەمانەی کە کاری تەواو

دەکەن واتا ٪100, دەسکەوتی ساڵانەیان دەکاتە 18,800 دۆلار, بۆ خێزانێکی 4 کەسی ژیانبەسەربردنە لەژێر هێڵی هەژارییەوە.

## کرێی کەم هاتنەخوارەوەی بە بەردەوام!!

کەمترین کرێی کرێکاران 5,15 دۆلارە لە سەعاتێکدا, ئەم کرێیە کە کرێکاران وەریدەگرن ٪30 کەمترە لەو کرێیەی کە کرێکارن وەریانگرتووە ساڵی 1968

لە ماوەی ساڵی 1973 تا 2003 ئەو کوڕە گەنجانەی کە زانیاری پیشەییان لە سانەوەییەکاندا نەخوێندووە کرێکانیان ٪25 هاتۆتە خوارەوە, بەڵام کچانی گەنج ٪13.

## وەزعییەتی ناجێگیربوون

21 ملیۆن کرێکار بە نیوەکار کاردەکەن واتە ٪50, وە ¼ یان سەعاتی 5,15 دۆلار وەردەگرن کە کەمترین کرێیە وە ئەو کرێکارانەی کە کاری تەواو دەکەن و هەمان کرێ وەردەگرن نسبەتیان (٪5)ە.

_ ساڵی 1973 ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لە کارێك زیاتریان هەبووە ڕێژەیان ٪5,1 بووە, بەڵام ساڵی 1999 بەرزبۆتەوە بۆ ٪6,3 کە دەکاتە 8 ملیۆن کرێکار.

_ ساڵی 1999 سەعاتی کارکردنی کرێکاران 184 سەعات زیادی کرد لە ساڵێکدا بە بەراوردی لەگەڵ ساڵی 1989 دا.

بەپێی ئاماری ڕەسمی کرێکارێکی ئەمریکی (350) سەعات کاری زیادە دەکات لە ساڵێکدا لە کرێکارێکی ئەوروپی.

## ژنان و جیاوازیکردنیان

3/1 ی ژنان کرێی کەم وەردەگرن, بەڵام پیاوان(٪20)ن, نزیکەی ٪66 ی ئەو ژنانەی کە کاری تەواو دەکەن کەمتر لە 25,000 دۆلار وەردەگرن لە ساڵێکدا.

_ ڕێژەی ئەو ژنانەی کە نیوەکار دەکەن (٪70)ن, وە ئەوانەی کە کاری موەقەت دەکەن (٪60)ن.

_ نزیکەی ٪65 ی ئەو ژنانەی کە منداڵەکانیان لە 6 ساڵ کەمترن, وە ٪75 ی ئەوانەی کە منداڵەکانیان لە بەینی 6 ساڵ بۆ 17 ساڵن و لە دەرەوە کاردەکەن, ژمارەیان 3 جار زیاترە وەك لە ساڵی 1960.

## پەناهەندە و کۆچی بە کۆمەڵ

_ ساڵی 1999 ڕێژەی ئەو کرێکارانەی کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان لەدایکبوون 15,7 ملیۆن بوون, تەنها لە شاری کالیفۆرنیا ٪30 هێزی کار ئەوانەن کە لە دەرەوە لەدایکبوون, لەم ژمارە زۆرەی کرێکارانی پەناهەندە 8 بۆ 15 ملیۆنیان بێپێناسەکانن.

_ جیاوازی باری ئابووری ئەو کرێکارانەی کە لە وڵاتەیەکگرتووەکان لەدایك دەبن و کرێکارانی پەنابەر, (3)جار زۆرترە لە باری ئابووری ئەوکاتەی کە کۆچی بەکۆمەڵی پەنابەران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرتای سەدەی بیستەم بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی پێکرد.

_ کرێی ناوەندی کرێکارێکی پەنابەر ٪77 ی کرێی ئەو کرێکارانەیە کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەدایك دەبن, بۆ کرێکارێکی مەکسیکی زۆر لەمەش کەمترە کە دەکاتە ٪50.

## شەڕ لە دژی سەندیکاکان

_ ڕێژەی بوونبەئەندام لە سەندیکاکاندا ساڵی 2003, ٪12,9 بوون بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 1983 کە ٪20,1 بوون.

لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ڕێژەی بوونبەئەندام ٪35 زیاتر بوون.

_ لە ساڵەکانی پەنجاکاندا ئەو کرێکارانەی کە کەوتوونەتە ژێر چاودێری و زەخت و فشارەوە بەهۆی چالاکی کرێکاری و سەندیکاییەوە ساڵانە سەدەها کرێکار دەبوون, بەڵام لە ساڵەکانی نەوەدەکاندا ساڵانە 20,000 کرێکار دەبوون کە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە تۆڵەشیان لێکراوەتەوە.

_ تعلیق Business Week ڕۆژی 5ی ئازاری 1994 بە درێژاییی 12 ساڵی ڕابردوو پیشەسازی ئەمریکی, شەڕێکی سەرکەوتووانەی کردووە لە دژی سەندیکاکان, دەرکردنی هەزارەها کرێکار لەسەر کارەکانیان تەنها لەبەرئەوەی چالاکی قانوونی سەنیکایان کردووە.

*

ئەم بابەتانەی سەرەوە لە ڕۆژنامەی مانگانەی (دەرفەت) Labréche ی ڕێکخراوێکی سویسری چەپ (بزووتنەوە لە پێناو سۆسیالیزمدا) وەرگیراوە ژمارەکانی (3,2) ی مانگەکانی (8,7) ی ساڵی 2004.